www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 22:01 6-2-2007

## ئێمە ئەركمان تەواو ... رزگار كۆچەر

ئەو كاتەی دەنگۆی گۆرینی مارشی نەتەوایەتیمان ئەی رەقیب لە گۆری بوو راپۆرتێكی رۆژنامەنووسیم ئامادەكرد لەمەر دید وبۆچونی هاولاتیان و هونەرمەندان، دیارە دەست خۆشی و پشتگیری هاوكارانم تامان شاكرو فەخردین تاهیر و بێستون عبدالله و ئاكۆ محەمەد و هەندێك لە مالپەرە كوردیەكان كە لە كاتی گونجاو ناویان دەهێنم بۆ ئەم راپۆرتە هانیان دام زیاتر موكر بم لەگەل هاورێیانم بۆ هەنگاونان بۆ كۆكردنەوەی ئیمزاو هەموو ئەوانەی داكۆكی لە ئەی رەقیب دەكەن و دەیانەوێت گۆرینی ئەی رەقیب بكەنە ترسێكی پێش هاتی هەمووپیرۆزیەكانی نەتەوەكەمان كاركردن بۆ داكۆكی كردن لە ئەی رەقیب ئەركێكی ئەوندە زەحمەت بوو لە كوردستان تا بتوانیت كار بۆ دروست كردنی رای گشتی بكەیت، لێرە رۆلی مامۆستا لالۆ رەنجدەر و هەموو گەنجە خۆ بەخشەكان و هەندێك سەنتەرو رێكخراوی گەنجان و لاوان شایەدی ئەوان كە چ ماندووبونێك كرا تا ئەو پرسە لە زۆربەی زۆری دەزگاكانی راگەیاندن باس بكرێت، لەگەل ئەوەش ئەوكاتە زۆر كەس گالتەیان پێدەكردن وپێیان وابوو ئینتیما بوون بۆ نەتەوە و داكۆكی كردن لە سیمولە پیرۆزەكانی كارێكی مایە پوچ شایەن بۆ خۆماندوو كردن نیە، لەگەل ئەوەش زۆركەس هانیان دەداین و پشتگیریان لێكردین تا بەردەوام بین، لالۆ رەنجدەر،تامان شاكر، فەخردین تاهیر، مامۆستا جیهانبەش، مەهدی ئومێد، كارزان گلی، حاكم ئازاد حەمەدەمین، بەختیار سەعید، هێمەن مامەند، نایف شێخانی، خدر قەلادزیی، هیرۆخان، هەموو ئەوانەی لە یەكەم كۆبونەوەی دەستەی بەیاساكردنی ئەی رەقیبیان لە هۆلی یەكێتی نوسەران ئامادەبوون ...

هەموو ئەو بەرێزانەی ئێستا باسم كردن بەگر وتینێكی بی موقابیل و خۆبەخش بۆ ئەم ئەركە نەتەوەیە هەمووكارەكانی خۆیان خستە پشت گوێ تا تەنها مەسیجێك بۆ ئەوانە رەوانە بكەن كە دەلێن خەلكی ئینیمای لاواز بووە، بە دەرهەموو ئەونەی كە دوای قسەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە پەرلەمان وئەم لێداوانە تایبەتەی ئەم دوایە لەمەر بەیاسا كردنی ئەی رەقیب لەپال ئالای نەتەوایەتیمان خۆیان كردە خاوەن مەوزع و بە ئینتیهازیەت ویستیان خۆیان وا نیشان دەن كە ئەوان داكۆكیان لە ئەی رەقیب و مامۆستا دلدار كردوە، بێجگە لەوانەی لە هەردوو لا مەبەستم ئەو لایەیی كە دەی ویست بەدیلێك بۆ ئەی رەقیب دابنێت ولاكەی تر كە دەستەی داكۆكی كردن بوون لە ئەی رەقیب لە نێوان هەردوو دیقە دیقیان دەكرد تا بە ئینتیهازیەتەوە لە هەردوو لا خۆیان بە داكۆكی كارو نوێخواز نیشان بدەن!!!

ئەو ناوانەی باسم كردن لەگەل كۆمەلێك سەربازی وونی بواری نوسین بی بەرامبەر لە هەموو كەس زیاتر خۆیان ماندووكرد تا ئەی رەقیب لەم ماوەیە وەك پرسێكی نەتەوایەتی چالاكی جەماوەری بۆبكرێت، لێرەش رۆلی بەرچاوی بەرێز وەزیری رۆشەنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرێز فەلەكەدین كاكەیی جێگای ستایشەودەكرێت هەموو نەتەوە پرست و كورد پەروەرێیك فەخر وشانازی بەوە بكات كە كەسێك هەیە لە شوێنی بریار نزیكەوە بەو پەری لە خۆبردن كار بۆ ئەوە دەكات هەموو سیمبولە نیشتیمانیەكانی گەلی كورد لە كات ووەختی خۆی رێزیان لێبگرێت..

لە كۆتایش دوبارە دەلێم من وەك رزگار كۆچەر پاش قسەكانی جەنابی سەرۆك بارزانی ئەركم لەناو دەستەی بەیاساكردنی ئەی رەقیب تەواووهیچ پەیوەندیەكم بەم دەستەیەوە نیە.

لە شوێن خۆشم وەك تاكێكی كورد دەست خۆشی لە جەنابیانەوە دەكەم وهەست دەكەم جەنابی سەرۆك بارزانی بەم بریارەی پاداشتێكی چاكی بنەمالەی شەهیدانی كوردستانی كرد ... دوبارە دەست خۆش

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.